# بێدەنگی، تەنیایی، بیدەنگی، تە...

(تابلۆیێکی ڕۆژانەی کۆرۆنایی)

"ئێمە بێدەنگی بشکێنین، نەک ئەو ئێمە"

(ڤێرکوور)

دادەنیشن

- جاری وایە لە بەربەیان تا نیوەی شەو –

لە هۆدەیەک بەرامبەر یەک

دادەنیشن

قسە دێن و قسە دەڕۆن، تاوتاو قسەش قسە دێنێ

بەڵام تەنیا کەمێک دەمێک دەخایێنێ

دەرلەحزە ون دەبن،

دەچن بە بوومەلێڵی بێدەنگی هۆدەکەدا

پەردەی تەنیایی دادەدرێ

بە نێوقەدی هۆدەکەدا لەتی دەکا

تاپۆی بێدەنگی زاڵ دەبێ

گۆشاوگۆش زاڵ

هەر مووزیکی بەکگراوندی نەرمی هۆدە خامۆش دەبێ

ماڵ دەبێتە ئەشکەوتێکی تەسکی بەتاڵ

بێدەنگی زاڵ

بێدەنگی تاڵ

زاڵتر دەبێ

تاڵتر دەبێ

هۆدە بێ ورتە و دەنگۆیە

نە ئەم ئیتر چاوەڕوانی قسەی ئەوە

نە ئەو بۆ وتوویژەی ئەم تامەزرۆیە!

تەنیایی دێ باڵ دەکێشێ بە سەریانا
مەگەر زەنگی تەلەفۆنی هەواڵپرسێ
بێ ئەو بێدەنگیە بشکێنێ
زۆر جار تەلەفۆنیش بێدەنگ بە سەر مێزا دادەهێزرێ!
***
خەبەر؟
ئەی خەبەر؟ ئەی هەواڵ؟
هەواڵی تاڵ،
بە شەو بە ڕۆژ،
هەر بەڕێوەن، واز ناهێنن
ئازاردەرن، دڵی ئینسان دەتەزێنن، دەتاوێنن
***
تەنیایی ژمارە نیە،
"تاک" بوون نیە: "یەک" و قوتار؟
نا،
تەنیایی زۆر جار هاوباڵا و هاوتەریبی بێدەنگیە
زۆر جار مەودای دوو لەحزە پێکەوەدوان، دوو وتووێژ،
دوان بڕۆا، تەنیایی دێ.
دەنگی دوان لە ناودا بێ - دوانێکی نەرم و نیان،
تەنانەت گەر مۆرەمۆری بەرتەونانە و گۆران سۆلۆی سینگڵ بێ
ئینسان هەست ناکا تەنیایە:
مۆرەمۆر و گۆرانیەکە پاڵی دەدا بە دیواری قەڵای کۆمەڵگاوە
وەنیە؟ لەگەڵ تۆمە گوڵم!
تۆش هەر ئێستا دەتوانی تاقی کەیەوە:
فەرموو، "جا ئینجا"ی لێ مەکە

***

دەی با بێدەنگی بشکێنین

با فەزای ماڵ بە دەنگ، بە ڕەنگ، بڕازێنین، بنەخشێنین،

با بەردەوام بە بەکگراوندی مووسیقی، ئارام ئارام، پەردەی گوێمان بلاوێنین

با تەنیایی زەفەر بە ورەمان نەبات و

تووشی خەمۆکیمان نەکات!

۲۰۲۰/۱۱/۲۲- چاوە